١١٥

# دنیای منداڵان

ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان

٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٠

20 January 2012

## وتەی ئەمجارەمان



منداڵە ئازیز و خۆشەویستەکان

ئێمەی کورد خاوەنی رابردوویەکی پڕ لە شانازیین. هەر لەزووەوە گەلی کورد لە هەوڵی ئەوەدا بوە کە بتوانێ ببێتە خاوەنی حکومەتێکی کوردی و لە سەر خاکی خۆی بە ئازادی بژی. گەلی کورد هەوڵی داوە کە نیشتمانەکەمان کوردستان، لە دەستی داگیرکەران بێنێتە دەر و خۆمان لە سەر خاکەکەی بە ئازادی بژین.لەم رێگەدا زۆر زەحمەت کێشراوە و زۆر لە هاونیشتمانەکانمان شەهید کراون. منداڵە خۆشەویستەکان دڵنیام کە زۆربەتان ناوی ٢ی رێبەندان تان بیستوە. هەندێکتان لە باوک و دایک و گەورەکانتان بیستوە کە ئەوە چ رۆژێکە و هەندێکیشتان لەوانەیە نەزانن کە ئەو رۆژە بۆ لای ئێمە خۆشەویستە و بۆچی هەموو ساڵێک لە دەوری یەک کۆدەبینەوە و جێژنی بۆ دەگرین. منداڵە ئازیزەکان، ئەو رۆژە یەکێک لەو رۆژانەیە کە هەموومان دەبێ شانازی پێوەبکەین و هیچ کات لەبیری نەکەین.رێبەندان دووهەم مانگی زستان ە و دووهەم رۆژی ئەو مانگە دەبێتە دووی رێبەندان. لەو رۆژەدا بوو کە کورد بۆ یەکەم جار توانی بڵێت حکومەتی خۆمان هەیە و بە هەموو جیهانی بڵێت کە ئێمەی کورد هەمیشە پشتمان بە پشتی یەکەوەیە.لەو رۆژە دا بەرەسمی حکومەتی کوردی راگەیاندرا لە لایەن شەهیدی گەورە پێشەوا قازی محەمەد.٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ای هەتاوی بوو کە لە شاری مەهاباد خەڵکێکی زۆر لە دەوری یەکەوە کۆبوونەوە. با ئەوەش بزانن کە لە زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە روویان کردبوە ئەوێ و تەنانەت هێزێکی زۆریش لە باشووری کوردستانەوە بە سەرپەرشتی مەلا مستەفای بارزانی نەمر لەو رۆژە دا لە مەهاباد حازر بوون کە پشتیوانی خۆیان بۆ دامەزراندنی حکومەتی کوردی بە رێبەری پێشەوا قازی محەمەد دەربڕن. هەر لەو رۆژەدا قازی محەمەدی نەمر دامەزراندنی حکومەتی کوردی راگەیاند کە پێی دەوترێ کۆماری کوردستان.

کەوایە ئێمە هەمووومان دەبێ لەو

رێگەوتەدا بۆ رێزگرتن لەو رۆژە جلی کوردی لەبەر بکەین و رێزی لێ بگرین دەبێ لە ٢ی رێبەندان دا وەبیرمان بێتەو که ئێمەی کورد دەبێ ببینە خاوەنی حکومەتی خۆمان و هەموومان پێکەوە لەژێر سێبەری ئاڵا شەکاوەکەی کوردستان دا بژین. منداڵ خۆشەویستەکانی کوردستان و نابێ هیچ کات ئەو رۆژە گەورانە لە بیر بکەن دەبێ هەموو ساڵێک وەبیری گەورەکانیش بهێنەوە کە ٢ی رێبەندانیان لەبیر نەچێ پێیان بڵێین کە ئێمە دەبێ لەسەر رێبازی قازی محەمەد بڕۆین.

٢ی رێبەندان لە سەرجەم منداڵانی کورد پیرۆز بێت و هیواداریین یادی ئە رۆژە لە دڵماندا بمێنێ و رۆژێک بێت کەئاڵای کوردستانەکەمان لە هەموو جیهان بە رەسمی بناسێندرێ.

**سه رنووسەر**



شێخ عێزەدین حوسێنی

## ژیاننامەی ماموستا شێخ عیزەدین حوسینی

تێکۆشەر ونیشتمان پروەری ناوداری گەلەکەمان

ماموستا شێخ عێزەدین بەهاری ساڵی ١٣٠١ ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی لە شاری بانە لە بنەماڵەیەکی ئایینی ە دایک بووە.

ماموستا شێخ عیزەدین کوڕی شێخ سالحی بەرزەنجی بووە کە زانایەکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە و دژایەتی ەگەڵ حکوومەتی پاشایەتی کردوە . هەروەها بە نهێنی پەیوەندی بە شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی نەمرەوە هەبووە.

ماموستا شێخ عیزەدین بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لە شاری بانە، لەو سەردەمەدا نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە و دەرس بخوێنێ. هەربۆیەش لە لای باوکی فێری خوێندنی قورئان دەبێ و هەروەها توانیویەتی کتێبی گوڵستان و بووستان تەواو بکا . لە ساڵی ١٣١٧ی هەتاویش بەچەندین ناوچەی کوردستان دەرسی فەقێیەتی خوێندوە.

ماموستا شێخ عیزەدین لە ساڵی ١٣٢١ بۆ درێژەدان بە خوێندن روو لە ناوچەی موکریان دەکا. بە هۆی ئەو هەستە نەتەوەییەی کە هەیبووە، دەست دەکا بە چالاکی سیاسی و لە ساڵی ١٣٢٢ لە ناوچەی بۆکان دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ ک ف) و درێژە بەچالاکی سیاسی خۆی دەدا.

ماموستا لە ساڵی ١٣٢٤ لە رێورەسمی هەڵکردنی ئاڵای کردستان لە شاری بۆکان بەشداریکردووە.

ساڵی ١٣٤٧ لە لایەن رێژیمی پاشایەتی گرتن و زیندانی کردنی تێکۆشەرانی کورد دەست پی دەکا کە ماموستا شێخ عیزەدین یەکێک بووە لەو گیراوانە کە بۆ ماوەیەکی کورت دەسگیر و زیندانی دەکرێ.

ماموستا لەو ساڵانە هەر لە شاری مەهاباد بووە و بەردەوام لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆ و ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەپەیوەندی دابووە.

١٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٧لە رێورەسمی ناشتنی تێکۆشەری دێرینی کورد عەزیز یوسفی دا کە بە بەشداری هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان بەرێوەچوو بەشدار دەبێ و لەسەر گۆڕی ئەو تێکۆشەرە وتارێک پێشکەش دەکا کە دەنگدانەوەی یەکجار زۆری دەبێ.

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دوای دەرکردنی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بەگەلی کورد ،ماموستا لە گەڵ تێکۆشەرانی گەلی کورد دەچیتە شاخ و لە رێگای راگەیاندن و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانییەوە دەنگی گەلی کوردی بە هەموو جیهان دەگەیاند.

سەرەتای ساڵی ١٣٦١ ماموستا نوێنەری خۆی ناردۆتە ئوروووپا بۆ ئاگادارکردنەوەی بیروڕای جیهانی لەسەر بارودۆخی گەلی کورد و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی. ماموستا بەو نوێنەرەیدا چەندین نامەی نارد بۆ پاپ لە ڤاتیکان، سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و چەندین سەرۆکی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی و یاسر عەرەفات. هەروەها پەیامێکی تایبەت بۆ ڕای گشتی جیهان و ئێرانییەکان و کوردەکانی لەدەرەوەی وڵات دەرکرد کە بە زمانەکانی کوردی، فارسی و فەرانسەوی بڵاو کرایەوە.

لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٣٦٩دا لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە..

لەو ماوەی کە لە سوئێد نیشتەجێ بووە، بی ووچان و چالاکانە بە چاوپێکەوتن لەگەڵ سیاسەتمەداران، نووسەران، شاعیران و کەسایەتی دیاری ناو بزووتنەوەی کوردستان و ئێران بەردەوام تێ دەکۆشا لەگەڵ راگەیاندنی هەڵوێست و بیروبۆچوونی خۆی، گوێ بیستی بیروڕای ئەوانی دیکەیش دەبوو.

ماموستا شێخ عیزەدین لە ٢٧ی رێبەندانی ساڵی ١٣٨٩ ی هەتاوی لە وڵاتی سوئێد کۆچی دوایی کرد رۆحی شاد بێت و یادی بەخێر بێت.

ئامادەکردن: شیلان قوربانی فەر



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



بە کابرایەک دە ڵێن قورسترین ئیش کە تا ئێستا کردووتە چی بووە ؟ دەڵێت: خوێ کردنە ناو خوێدان! دەڵێن بۆچی؟ دەڵێت چونکە کونەکانی زۆر بچووکە

***

کابرایەک دوکانێک دادەنێت و یەکەم ڕۆژ سێ چوار کەپسولی گاز تیا دەتەقێنێتەوە.. پێی دەڵێن کاکە گیان بۆ وا دەکەیت، شێت بویت؟ ئەویش دەڵێ: چییە کاکە گیان.. ئەوە ڕیکلامە.. ڕیکلام بۆ دوکانەکەمی دەکەم، گاز دەفرۆشم گاز.

***

حەپۆل جوتێک پێڵاوی لەپێدایە تاکێکی سپی و تاکەکەی تریان ڕەشە، گۆرەوییەکانیشی عەینەن شت.. ڕۆژێک لێی دەپرسن: ئەرێ برا، ئەوە تۆ بۆ ئەو پێڵاو و گۆرەوییانە لە پێ دەکەیت کە تاکێکیان ڕەش و تاکێکیان سپییە؟ ئەویش دەڵێ: وەڵا چوزانم! بە خوا جووتی پێڵاو و گۆرەوی تریشم هەیە لە ماڵەوە هەر عەینەن شتن، تاکێکیان سپییە و تاکێکیان ڕەشە..

## ئادەی بە دڵی خۆتان بمرەنگێن










### ڕونکرنەوەیەک لە سەر گۆڤاری دنیای منداڵان،شمارەی ١١٤

لە لاپەڕەی ٦ و٧ ی گۆڤارەکەدا شێعرێک چاپ کراوە کە ناوی شاعیرەکەی بە مامۆستا مەلا عبولا کاتب نوسراوە.

ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئەم شێعرە ،شێعری مامۆستا شەریفە و ئێمە داوای لێبوردنتان لێ دەکەین بۆ ئەو هەڵەیە.

www.Kurdistanukurd.com
ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.
سەرنووسەر: ئازاد عەباسیان.
دەستەی نووسەران: هانا وریا، تریفە سادقی، شیلان قوربانی فەر
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
دیزاین: مینا سوڵتانزادە
mndalanykurd@yahoo.com

# نامەیێکی سەر ئاوەڵە بۆ بابا نۆئێل لەلایان منداڵانی شێڕناخەوە

سەری ساڵ نزیکە و هەموو خۆیان ساز کردوە کە بەشداری جێژنی سەری ساڵ بن و لە خۆشی شادی یەکتریدا شەریک بن.منداڵان چاویان لە دەستی باوک و دایکیانە کە بزانن بۆ سەری ساڵ چییان بۆ بەدیاری دەبەن.چاویان لە بابا نۆئێلە کە بە ڕیشە سپی و نەرمەکەی چییان پێدەڵێ. هەر یەکە و هەزار و یەک بیرۆکەیەان بۆخۆیان داناوە.ئەو دەڵێ وا دەکەم و، ئەم دەڵێ وادەبم و ئەویکەش دەڵێ وای لێدەکەین............ .

ئەی بابانۆئێل جەنابت چیت پێیە بۆ منداڵان؟ دەزانم کە پێکەنینی جەنابت هەموو دونیا دێنێ بۆیان. ئایا بابا نۆئێلی خۆشەویست، ئاگات لە منداڵانی ناوچەی شێرناخ لە باکووری کوردستان هەیە؟بەخوای وابزانم هەر ئاگاشت لێ نیە؟ چۆن یانی تۆیش نەتزانیوە؟

ئەی هاوار مام بابا نۆئێل خۆ ئەو منداڵانەی کە باوک و براکانیان لە دەست داوە هەموو چاویان لە تۆیە کە دڵخۆشیان وەدەی! هەموو دەڵێن بڵێی بابا نۆئێل بۆمان بگری و بڵێ خەم مەخۆن منیش هاودەردتانم؟ ئەو منداڵانە ساڵێک دەبێ کە چاوەڕێ ئەم ساڵەن کە چی بکەن و چی نەکەن. بەڵام خۆ نەیاندەزانی کە دیاری سەری ساڵیان هێنانەوەی تەرمی باوکیانە. چاوەڕێی هەموو شتێکیان دەکرد ئەوە نەبێ. وابزانم بابا نۆئێل جەنابیشت بێدەنگی وەک سازمانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتوەکان و زۆر شوێنی دیکە.دڵێکمان بە تۆ خۆش بوو بەڵام تۆیش هەر بێدەنگی. نامەکەم کورتە بەڵام زۆرە. قسەم زۆر پێیە بەڵام دڵم پڕە.دەمەوێ بنوسم بەڵام قەڵەمەکەشم هاوڕێیەتیم ناکات. دەبێ هەر خۆمان بۆخۆمان باش بین و پشتی یەک بین، هیچ



کەس فریای منی منداڵی کوورد ناکەوێ مەگەر خۆمان. تۆش بڕۆ بابا نۆئێل خۆش بە بۆ خۆت، تۆشمان نەویست. بەڵام ئێمە پێت دەڵێین سەری ساڵت پیرۆز بێت.

ناوەندی منداڵپارێزی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# وێنە



وێنە ئەکەم وێنەی جوان
وێنەی دارو دارستان
وێنەی گوڵ و پەپوولە
وێنەی باڵندە و مناڵ
وێنەی گیاندار و بێگیان
وێنەی دیمەنی زۆر جوان
وێنەی ئاو و شاخ و دەشت
وێنەی گەڵای سەوز و جوان



ن: بێخاڵ عەلیپوور

# نامەی دوو پەپولەی هەست ناسک لە کۆیەوە بۆ منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بۆ دنیای خۆمان، دنیای منداڵان
سڵاو
من ناوم: حەلیم جەمال حەویز پۆلی چوارم و هاوڕێکانم بە حەلیمە خان بانگم دەکەن.
منیش ناوم: پەیڤین جەمال حەوێزە و پۆلی دووەمم، ئێمە دوو خوشکی بچوکیین کە دانیشتوی شاری کۆیەین.




دایکمان لە خەستەخانەی کۆیە کاردەکات. ئەو لەوێ کاری بەنج و عەمەلیات دەکات و ئێمەش جاروبار دەچینە لای. ڕۆژێکیان لای دایکمان بووین و لە پڕ چاومان بە گۆڤارێک کەوت کە لێی نوسرابوو «دنیای منداڵان» و کۆمەڵێک وێنەی منداڵان و چیرۆک و ... تێدابوو.لە دایکمان پرسی ئەم گۆڤارە هی کێیە؟ دایکم گوتی: ئەوە گۆڤارێکی منداڵانەیە کە ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆیە دەری دەکات. هەر کە گۆڤارەکەم خوێندەوە بڕیارمان‌دا لەوە بەدوا ئەگەر قەبوولم کەن دەبمە هاوڕێی گۆڤارەکەتان، هەر بۆیە بەرێزان بۆ ئەوەی هاوڕێ و میوانی زۆرتان هەبێ دەقی نووسراوەکەم بڵاو بکەنەوە و گۆڤاریشمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی لە ناو پۆلەکەماندا بڵاوی بکەینەوە.
سپاس بۆ ئێوە، لەلایەن پەیڤین و حەلیم

**وڵامی دنیای منداڵان:**
**سڵاوی دنیای منداڵان بۆ ئەو دوو خوشکە خنجیلانە.**
**ئێمەش سپاسی ئێوە دەکەین و هەر لە ئێستاوە ئێوە هاوڕێی گۆڤارەکەمانن و بە خێر بێن. هیوادارین منداڵانی پۆلەکەتان وەک ئێوە ببنە هاوڕێی ئێمە.**
**منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

چیرۆکی یەکەم
ئیبراهیم قوربانی
تەمەن ١٥ ساڵە پۆلی پێنجەم
ژیاننامەی خۆتان بنووسن

با، بە خشە خشەوە گەنمەکانی بەولا و ئەولادا دەداو منیش ئارەقم دەرشت. سەرم هەڵێنا دەنگی هیچ شتێک نەدەهات. داسەکەم هەڵگرتوو وەرێ کەوتم کە بچم نان و چای بەیانی بخۆم. بایەکی بەقەوەتی دەهات و ئەو گەنمانەی کە درووبومن هێشتا لە ناو زەوییەکە نەچێندرابوونەوە، لەگەڵ خۆیی دەبرد. چم پێ دەکرا؟ گۆزە ئاوەکەم لە ناو باقە گیاکە دانابوو تاکوو ئاوەکەی گەرم نەبێت. هەر لەوێ هەندێک خەوتم دوایی هەستام. یەکێ وتی:
_ سڵاو ماندوو نەبی؟
_ سەلامەت بی خاڵە، فەرموو نانوو چایەک بخۆ؟
_ زۆر سپاس نان و چام خواردووە.
دەستم کرد بە خواردن بایەکە پوش و خۆڵی لە ناو چایەکەم دەکرد. چایەکەم خواردەوە. بایەکە ئیسکانەکەی لێ بە عەرزێ داداموو شکاندی، منیش زۆرم پێ ناخۆش بوو تێر تێر گریام. فرمێسکەکانم هەڵدەوورین و کەوتنە سەر داسەکەم، منیش بۆ ئەوەی داسەکەم ژەنگ نەهێنێت بەردێکم هەڵگرتوو خاوێنم کردەوە. ئینجا دیسان دەستم بە دورینی گەنم کردەوە. بەرە بەرەی نیوەڕۆ بوو کە خوشکەکەم کەمێک نان و دۆیی بۆ هێنام. ئەحواڵی دایکم لێ پرسی، ئاخر بەیانی کە دەهاتمە مەزرا، دایکم و بابم پێکەوە دمەقاڵەیان بوو. خوشکەکەم وتی: «دایکم قەڵس بووەو چۆتە ماڵی خاڵم.» دۆدانەکەی لەناو گیاکان دانا. کەمێکم نان و دۆ خوارد. بە خوشکەکەم وت: «ها ئەو کتریە بشۆو لە پەنا باقە گیاکەی دانێ.» خوشکەکەشم وتی: «من کارم هەیەو دەبێ بڕۆم.» منیش زۆر تورە بووم بۆیە لێدانێکم لە خوشکەکەم دا. خوشکەکەشم بە گریانەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. ئێواری بە ماندوو بوونەوە کە گەڕامەوە ماڵێ بابم بە قوڵە دارێک وەرگەڕا تێر و پڕی کوتام، باش بوو زاواکەمان منی لە بەر دەستی بابم ڕزگار کرد.
شەوێ خەونم دیت، کاتێک دەچوم بۆ دروێنە گورگێک هاتبووە سەر ڕێگاکەم ودەی ویست بم خوات، منیش بۆلایی ماڵێ هەڵاتم و هاتمەوە ماڵێ بەیانی زوو بابم لە خەوی هەستاندموو وتی: «هەستە بچو بۆ تەویلە.»
دیسان ڕۆژێکی تر وەک ڕۆژەکانی تر دەستیان پێ کردەوە.
ن: مەنسور یاقوتی.کتێبی جۆرێک لە ژیان
و: نیعمەت مەلا
لە ژمارەی داهاتوودا چاوەڕێی چیرۆکەکانی تری ئەم کتێبە بن

# خۆشەویستی و سەرکەوتن

منداڵەکانی هاوڕێم
چیرۆکێکتان بۆ دەڵێم
چیرۆکی لەم گەردوونە
گفتی لەم دوناودونە
بەیانیەکی بەهاری
نم نم باران دەباری
گیانەوەری دارستان
لە کوێستان لە دەشتان
رامابوون لەم خۆناوە
شێوەی باخی گۆڕاوە
خڕپۆڵەی بچکۆلەی جوان
لە ناو کۆڕی کەروێشکان
کۆلکە زێرینەی بینی
تاسەی بوو بۆ بینینی
وتی بابە کەروێشکم
خولیای فڕینە مێشکم
بۆلای کۆلکە زێرینە
ئەو کەوانە ڕەنگینە
زۆر جوانە و خولیای ئەوم
دەمهەوێ پێیا سەرکەوم
بابی خڕپن پێکەنی

ڕۆڵەم خەیاڵ پەسەنی
خڕپن ئەمە کەی ڕاستە
عەقڵ گیرە لەم ئاستە
بەرخم نەختالێ ژیربە
هۆگری عەقڵ و بیر بە
خڕپن گەلێ دڵگیر بوو
خەمبار لە کۆڵان دەرچوو
دایم بیریەکردەوە
خەیاڵات ئەیبردەوە
داخۆم کەی پێ وەبینم
گرشەی کۆلکە زێرینم
بڵێی وەهم و خەیاڵ بێ
یا خەونێکی بەتاڵ بێ
دەبێ بچمە لای باران
داخۆم شوێن و هێلانی
جێگە و نوێنی شەوانی
لە نێو ئامێزی ڕەنگین
بلوێ سەمای ئاهەنگین
دڵنیام ئەو دەزانێ
با بنووم تا بەیانی
خڕپن چاوی چووە خەو
لە خەونیدا خولیای ئەو
وەڕاست گەڕاو مام باران
هێنای هەواڵی یاران
لە دوا بە دوای شێ و باران
هەڵوێستی ڕەنگاڵەی جوان
بوونەوەری ئەم ناوە

لەو جوانی‌یە ئاڵاوە
خڕپن سەر لە بەیانی
هەستاوە هەور بارانی
نزیکی ماڵی خڕپن
لە ژێر ئاسمانی بێ بن
کۆلکە زێرینە هەڵات
خڕپن گەیشتە ئاوات
لە نێو ڕەنگاڵەکانی
ئەیوت شێعر و گۆڕانی
بابە ئەم خەوەنە ڕاست بوو
دوور لە خۆزگەو خەیاڵ بوو
بابە وتی: ئەوانە
نیەتیان پاک و جوانە
ئەچینە لوتکە لە ناخا
خۆشەویستی لە باخا
ئەوەی جوانی خۆش ئەوێ
لە ژینا سەر ئەکەوێ
بینین و بیر کردنەوە
وەرجن لە بۆ بردنەوە
بۆیە ئەتۆش سەرکەوتی
لە ڕێی میوان نەسرەوتی
بڕۆ بگەرێ لەم باخە
زانست پاراوی ناخە

**«عەباس حەقبین»**

# به جێی یەکتر

به دایکم گوت ئامادەم به جێگای
ەو بچمه سەر کار، بەو مەرجه که
ەویش ئاماده بێت به جێگای من
چێت بۆ خوێندنگه. ئەویش ئاوا بیری
کردوەو که ئەگەر ئەم کاره بکەم
دەتوانێ سەرگەرمییەکی باش بێت.
کاتێک قەناعەتی کرد، نانی نیوەرۆم
ۆ ئاماده کرد. دوایی پێم گوت که
دەست و دەموچاوی بشوا. دایکم
گوتی من به راستی راماوم که تۆ
ۆچی دەتهەوێ به جێگەی من بی؟
گوتم: پێم خۆشه بزانم که له سەرکار
چی دەکەی.
پێم خۆشه بەرپرسەکەت بناسم.
ێستەش زووکه بچۆ ددانەکانت بشۆ
له بیرت نەچێ که بەینی ددانەکانت
به پەتی ددان جوان خاوێن بەکەیت.
بەراست دایکه له بیرم چوو پێت
بڵێم ئێواره درەنگتر دێم به دوات دا.
چۆنکه ئەمرۆ دەبێ تا کاتژمێر چوار
له خوێندنگه بمێنەوە.
نووسینی: ماتێو فردیکس
و : بیرەوەر زاهیر



## ڕێوی

بەیانیەکی زوو کاتی خۆر هەڵاتن،
رێوی له کوولانەکەی خۆی هاته دەرێ
و سێبەری خۆیی دی وگوتی:
ئەمرۆ بۆ نێوەڕۆ وشترێک دەخۆم.
پاشان بەڕێکەوت و هەموو بەیانی
به دوای وشتر دا گەڕا. بەم‌لاوبەولادا
سەرگەردان بوو. لای نیوەڕۆ جارێکی
تر به سێبەرەکەی خۆیی‌دا روانیو
شێواو گووتی: بەڵی تەنیا مشکێکی
چووکەلەش بۆ نیوەرۆم بەسه.
نووسینی: جوبران خەلیل جوبران
و: بیرەوەر رەسوڵی

## پشیله سووره

پشیله سووره! خت خت
بۆ خۆت لێ کردم به شت
ئەی خاوەن چرنووک و قەپ!
له تۆ نایه گاڵته و گەپ
بڕۆ میاومیاوی چیته!
سەرزلەی سمێڵ قیته
ئەی چاوبزەی چاوشینه
دڵم له تۆ به قینه!
چاوم له تۆ بوو دوێنی
وەکو چەقەڵ له شوێنی
بەو دەست و پێ چەپەڵه
کەوتیته شوێن جووجەڵه
جووجەڵەی جوان و خڕین
وەک من بچکۆلەو گووپن
لاچۆ بڕۆ له بەر چاو
ئەی کەتنکەری گلاو

کاکەی فەلاح

ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**ئێمه هەموو پێکەوه جوانین**
**منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان**
**ماڵی هەموو منداڵێکی کوردە.**

# تووت فەڕەنگی
# Strawberry

مندالە خۆشەویستەکان!
هەموومان دەزانین تووت فەڕەنگی چییە و خواردووشمانە، بەڵام با بزانین چ قازانجێکی هەیە بۆ جەستەمان؟!

هەروەک دەزانن میوەیەکە وەک توو، بەڵام کەمێک گەورەتر، ڕەنگێکی سوورو تامێکی ترش و مزری هەیە. ئەم ناوانەشی پێ دەڵێن: چەپلەک، چەپالەک، شالکە و چەلەم و شلیک.

ئەم میوە خواکردە ئەم ماددانەی هەموو تێدایە: ئاو، ڕیشاڵ، پرۆتین، ڤیتامین ئا، ڤیتامین سی، ڤیتامین ب١، ڤیتامین ب٢، ڤیتامین ب٦، ڤیتامین ئی، سۆدیۆم، پۆتاسیۆم، فۆسفۆڕ، ترشی نیکۆتین، ئاسن، مس، کەلسیۆم، ڕووی و مەنیەزیۆم.

تووت فەڕەنگی خاوێن کەرەوەی ڕیخۆڵەکان و میزەڵدانە و هەروەها هێنانەخواری پەستانی خوێن(فشارخون) و پێشگیری لە نەخۆشییەکانی دڵ دەکا. بۆ بەهێزکردنی بیرگە و کۆنترۆڵی هەوکردنی جومگەکان زۆر کاریگەرە.

بە شێوەیەکی گشتی خاوەن ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیە:
- پێشگیری لە ڕەق بوونی دەمارە خوێنەکان دەکا.
- ئیشتیا دەکاتەوە.
- میزاوەرە واتە، دەبێتە هۆی چالاک کردنی گورچیلەکان.
- جیا لە میوەکەی تەنانەت کوڵاندنی گەڵاکەشی لە زیادکردنی میز و شیری ئافرەتان، دەردەمیران و بەردەکانی میزەڵدان دا کاریگەری زۆرە.
- بۆ قەبزی گەلێک باشە.
- بە حوکمی بوونی ئاسن تێی دا بۆ کەم خوێنی بەسوودە.
- بە حوکمی بوونی ڕێژەیەکی باشی کەلسیۆم و فۆسفۆڕ تێی دا، بۆ گەشەکردنی مندالان و مێرمندالان پتەوبوونی ددان و ساڕێژبوون و یەکگرتنەوەی شکاوی ئێسکەکان زۆر کاریگەرە.
- شەربەتی تووت فەڕەنگی بۆ هێنانەخواری یاو زۆر بەکەڵکە.
- دژی هەوکردنە (هەڵ ئاوسان) بە تایبەتی هەوکردنی جومگەکان.
- دژی شێرپەنجەشە.

مندالە ئازیزەکان:
تایبەتمەندی و کاریگەری تووت فەڕەنگی زۆر لەوە زیاترە کە ئێمە لێرەدا کورتەیەکمان لەسەر باس کردوە چونکە لە کۆن دا بۆ جوان کاری پێستیش کەڵکیان لێ وەرگرتووە، دیارە ئێستاش بۆ دەرمانەکانی جوانکاری پێست بە تایبەت بۆ پۆمادو مەڵحەم و شتی لەو بابەتە بۆ خانمەکان کەڵکی لێ وەردەگرن.

سەیید جەلال ساڵحی
سەرچاوە: ئینتەرنێت









# ئایا دەزانن؟



ئایا دەزانن کە
جووینی بنێشت لە کاتی وردکردنی پیوازدا بەرگری لە هاتنەخوارەوەی فرمێسک دەکا.

ئایا دەزانن کە
ئاساری لێو و زمانی هەر مرۆڤیک وکوو ئاساری قامکی تایبەتە.






ئایا دەزانن کە
هەڵدانی مندالّ لە بەهار دایە.



تەنیا بەشێک لە لاشە کە خوێنی نیە گلێنەی چاوە.



ئایا دەزانن کە
وشترمل لە ٣ خوولەکدا ٥٩ لیتر ئاو دەخواتەوە.



ئایا دەزانن کە
بۆن کردنی مێرووله لە گەڵ بۆن کردنی سەگ وەک یەک وایە.





ئایا دەزانن کە
کرمی ئاوریشم لە ٦٥ رۆژدا ٦٨  بەرامبەری خۆی خواردن دەخوات.



ئایا دەزانن کە
دولّفینەکان وەک گورگەکان لە کاتی خەودا چاویان کراوەیە.



منداڵە چاوگەشەکان! بە کاغەز ئەو مام ڕێوییە ساز بکەن و وێنەی ئەو مەڕەش بەو شێوەیە کە نیشان دراوە بیکێشنەوە و پاشان بینێرن بۆ دنیای منداڵان و خەڵات وەربگرن







چاوگەشەکانی دنیای منداڵان! جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە ببیننەوە






# وڵاتەکەمان بناسین

## «شاری میاندواو»

شارستانی میاندواو
ە باشووری گۆلی
ورمێ هەڵکەوتوەو لە
سێ وشەی (میان)
نێوان، (دو) دوو، (آب
او پێک دێ. ئەم شارە
دەکەوێتە بۆکان، مەلیکان،
مهاباد و سانی قەڵا و لە
ڕاستیدا پردی پێوەندیی
نێوان پارێزگاکانی سنە،
ورمێ و ئازەبایجانە کە
اوەندەکەی تەورێزە. ئەم
اوەش بە هۆی هەڵکەوتنی
شارەکە لە نێوان دوو
ڕووباری جەخەتووو
ەتەهوو لەم شارە نراوە.
اوی ئەم ناوچەیە وەک
اوەدانییەکی کۆن لە بەڵگە
کۆن و مێژووییەکاندا
بە شیوەی جۆراوجۆر
هاتوە کە لە کتێبی
شەڕەفنامەی شەرەفخانی
بتلیسدا بە ناوی «دوآب»
هاتوە. نووسراوەکانی
سەردەمی نادرشا باس
ە هاتنی نادرشا بۆ ئەو

دەڤەرە دەکەن. لە بەڵگەو
بەرهەمەکانی سەردەمی
قاجاریشدا بە «مرحمت
آباد» باس لەو شارە
دەکرێ.
دەگوترێ ئاغا
محەمەد خانی قاجار کە
شاری کرمانی خاپور
کردو هەموو خەڵکەکەی
کوێر کرد، هەزار لاوی ئەم
شارەی بە سەرۆکایەتی
مورتەزا قولی خانی
کرمانی ناردە تاران
و دواتر بە مەبەستی
بەرەنگاریی کردنی
کورد ناردنییە ناوچەی
میاندواوو سەراب
و هێندێک لە ناوچە
سنوورییەکانی نێوان
کوردو ئازەرییەکان. کە
ئەم کرمانییانە دوای چەند
بەرە دەنێو حەشیمەتی
شارەکەدا تووانەوە،
بەڵام تا ماوەیەکی
زۆریش چەند گەڕەکیان
هەر بە ناوی خۆیانەوە

بوو وەکی کرمانییەکان،
سیرجانییەکان، زەرەند،
راهبۆرو لەکەکان.
هەروەها لە سەردەمی
دەسەڵاتداریی شا
عەبباسیشدا کە موکریی
قڕانی بۆ کوردانی وەک
بیرەوەرییەکی تاڵ لە خۆی
لە مێژوودا جێ هێشتوە؛
چەند خێڵێک بە مەبەستی
بەرەنگاریی کورد دێننە
ئەم ناوچەیە کە خێڵی
ئەفشارەکان کە ئێستا لە
میاندواو حەشیمەتێکی
زۆرن خێڵە دیارەکەیانن.
هەروەها کوردە
یارسانەکان لە ناوچەکانی
نزیک کرماشانەوە بۆ
ئەم شارە کۆچێندراون
کە لە میاندواو بە گۆران
دەناسرێن.
ئەم شارەو
دەورووبەری کە دەکەونە
چوارچێوەی جوگرافیای
موکریانەوە، لە بواری
تێکەڵاوی حەشیمەتی و
ئایینی و نەتەوەییەوە
جیاوازە. زمان و نەتەوەی
زاڵ لە شارەکە ئازەرو
ئازەرییە و زۆربەی هەرە
زۆر خەڵک موسڵمان سەر
بە ئایینزای شیعەن. هەم
لە نێو شار بە ڕێژەیەکی
کەمترو گوندەکانی
دەورووبەری بە تایبەت
باکووری ڕۆژئاوا،
ڕۆژئاوا، باشووری
ڕۆژئاوا و هەروەها
باشورری شارەکە
کوردن و سەر بە ئایینزای
سوننەن. گوندەکان
و شتەیەی کوردی و

چەند گوندێکی دیکەی
هەڵکەوتوو لە باکووری
شار سەر بە ئایینی
یارسانن و بەهاییش لەم
شارەدا دەبینرێن کە دیارە
دوای شۆڕشی گەلانی
ئێران و هەڵخڕاندنی
نادروستی خەڵک لە
لایەن کاربەدەستانی
کۆماری ئیسلامییەوە
زۆربەیان ماڵ و حاڵیان
لێ تێک دراو شاریان
بە جێ هێشت. هەروەها
حەشیمەتێکی دیکەی کە
بە ئایینزا شیعەو بە زمان
کوردن وک چاردئۆغلی
شاخی، شایسێوان و ...
لە میاندواو گوندەکانی
دەورووبەری دەژین.
دۆزرانەوەی چەندین
ئاسەواری کۆن لە
دەورووبەری میاندواو
نیشاندەری شوێنی
نیشتەجی بوونی ئەو
ناوچەیە لە رابردوو دایە
کە هەر دوو تەپۆڵکەی
حاجێ سەن و قەڵای
هەلاکۆ دەگەڕێنەوە بۆ
سەردەمی ساسانییەکان.
میاندواو بە هۆی
هەڵکەوتووی شازی دە
نێوان دوو ئاواندا بووەتە
هۆی ئەوەی خاکێکی بەپیت
و پیێزی بەبەرەوە هەبێ
کە ئەمەش خۆی بووەتە
هۆکارێک کە دانیشتوانی
بە کاری کشتوکاڵی و
ئاژەڵدارییەوە خەریک بن

**تەها رەحیمی**



**پردی میرزا رەسوڵ**



یاهودا بیتار



پەریسا قادری



تنۆک رەحیمیان



ئاوێزان ئیسماعیل



ئاڵێ ئاوات



سارینا قادری



پێشڕەو موساپوور



دڵنیا فایەق



بانە عەزیزی



سۆما رەواندوست



سۆنیا و سەهەند نوسرەتی



ڕێباز رەحیمیان



هێما قادرپوور



کارزان حەسەنپوور



پێشەوا موساپوور



زیلان فەتحی



ئومێد پێهروجە



سیاکۆ قەزایی



هاوژین عەبدوڵڵاهی



بەڵێن جەناغی